Kurdistannet کوردستان نێت

# رەهەندی چوارەمی فیمینیزم ،تیوری غەم لای ژنانی پاشماوەی ئەنفال

**کازیوە ساڵح**

**بەشی سێهەم**

## رەهەندی سێهەم : تیوری بەرزی



**ئەم تیورە کاتێک هاتە هزر و کاری مرۆڤەوە کە بیری لە دروستکردنی خانوبەرە کردەوە وەکو ئارامگەیەک بۆ ئەوەی تێیدا بحەوێتەوە و بەرهەمی تیوری دووەمی تێدا بخوات , بۆیە بیری بۆ رەهەندی سێهەم رۆشت کە بەرزیە و بە بێ ئەو بەرزیە نەیتوانیوە بیر لە هاوکێشە ئەندازیەکان بکاتەوە, پاش دۆزینەوەی هەر سێ تیوری درێژی و پانی و بەرزی گەشتوە بە وەڵامە ئەندازەیەکان کە چۆن دایبرێژێت , ئەمەش ئەگەر وەکو زانستی کۆمەڵایەتی لێکی بدەینەوە کە ئەو تیورە فیزیاوییانە راستەوخۆ بەستراون بە زانستی کۆمەڵایەتی و سەرەتای دەرکەوتنیشیان لە پێداویستی یە کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتوە , نەک ماتماتیکی و فەلسەفیەکانی ئەوەمانە بۆ روون دەبێتەوە کە هەر سێ تیورەکە تەواوکاری یەکن لە رووی کۆمەڵایەتیەوە و مرۆڤێکی ئاسایی پێویستی بە خواردن هەیە , بۆ ئەوەی بخوات چێژ وەرگرێت پێویستە شوێنگەیەکی هەبێت بۆ حەوانەوە , فاکتەری هاندەری تێکۆشان و بەرهەم هێنانە , خواستی بونیادنان , مرۆڤی لە ئەشکەوتە وە گواستەوە بۆ ئارامگەیەکی هێمن کە پرۆسەی ژیانی خۆی وەکو مرۆڤێکی سیڤلی تێدا جێ بە جێ بکات ...کە ئەمەش راستەوخۆ پابەندە بە تیوری شوێنەوە , کە کاریگەری ئێجگار گەورەی لە سەر دەروونی مرۆڤ و گەشەکردنە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیەکان هەیە و هەبووە . بە بنەمای بوونیشی دەژمێردرێت هەر بۆیە بەر لە هەموو تیورەکان درک بە تیورانە کران و دۆزرانەوە.**

## ژنانی پاشماوەی ئەنفال و تیوری سێهەم

**ئەگەر تیوری بەرزی تەنها وەکو لایەنی زانستی تیۆری جیگە وەرگرتن ئەوا بەرزی لە بیرکردنەوەی بونیادنانی ئارامگەیەکەوە هاتوە , بۆ حەوانەوە کە خانووبەرە و هاوکێشە ئەندازیەکانە,ئەوانەش لە نەستی مرۆڤی ئەنفالدا ئەو شوێنەیە کە بلدۆزەرە کانی بەعس خاپوری کردن و سوتاندنی ئەوان یادگاری تۆپ و تۆز و دوکەڵی سوتاندکەی بووە بەتاڵترین یادگاری لە لایان و یادگارە و شیرینەکانی دەسڕێتەوە .**

بونیادنان لای مرۆڤی  پاشماوەی ئەنفال بونیادێکی لە دەست چووە , کە غەمی لە دەست چوونی ئیرادەی مافی گەڕانەوەی لێ  سەندنەوە , بە تایبەت ئەو مافەی دەچێتە خانەی مافی سروشتی یەوە کە لیفی شتراوس سروشتی بە هەموو ئەو فاکتەر و مافانە دەزانێت , گشتی یە و هاوبەشە لە نێوان مرۆڤەکاندا , بنەمای هەبوونی مافی سروشتیش لە مێژووی فەلەسەفەدا دەردەکەوێت کە پابەندی هێز و توندوتیژییە.

لێرەدا مرۆڤی پاشماوەی ئەنفال توند وتیژی مافی سروشتی لێ دەستێنێتەوە و ئەوانەی سپینۆزا جەختی لە سەرکرد کە ئەو مافە رەتدەکرێتەوە بۆ "  هەموو بوویەک مافی مانەوەی هەیە لە سەر بارودۆخی خۆی " , کە لە کارەساتی ئەنفالدا پێچەوانە کرایەوە و هەموو شتەکان مافی سروشتی لێ سەندرایەوە  و سروشتی جەنگەڵی پێشکەش کرا,بینینی ئەو هەڵگەڕانەوەیە لە سروشتی دەوروبەر و شتە تایبەت و موڵکدارێتیەکان زۆر جار مرۆڤ تووشی نەهلستی و بێ ئومێدی دەکات , لەوەی کە رێسایەک هەیە بۆ گەڕانەوەی سروشتی شتەکان , لەوەی کە مرۆڤ مافی بوونی رۆحی خۆی و سروشتی دەوروبەری هەیە .

تیوری سێهەم کە لە بیری دروستکردنی خانوو بەرەوە سەرچاوەی گرتوە لە ناوکۆمەڵی ئێمەدا کاریگەریەی لە سەر ژن زیاتر هەیە هەتا پیاو , چونکە جگە لەوەی سروشتی ژن هەبوونی ماڵ زیاتر دڵنیایی و متمانەی دەداتێ و زیاتریش عەوداڵی دروست کردنیەتی , بە تایبەت بۆ ژنانی پاشماوەی ئەنفال لە بەر ئەوەی لادێ نشین بوون لە هەبوونی هەر سەرچاوەیەک لە ماڵی هاوسەرێتیدا یان باوکدا لە سەروەت و سامان و دەغڵ و دان و مەڕومالات بەشی شێریان لە بەرهەم هێنانیدا هەبووە , لە هەموو جێ بەجێ کردنێکدا کاری قورس و زۆریان هاوشانی پیاو لە سەر شان بووە , جگە لەوەی کاری ژنی لادێ نشین بێ کرێ  , واتە هاوبەشە و خاوەندارە لە هەر شتێک لە ماڵی پیاودا هەبێت گەرچی بە پێی یاسا دواکەوتوەکانی کۆمەڵی ئێمە ئەو مافەی نادرێتێ  ئەگەر هەر گرفتێک هەبوو ,بەڵام بۆ خۆی بەردەوامی لە کار و قوربانیەکانی ژندا واتە ئەگەر بە یاساش لێی دوور بخرێتەوە بە هەست وا هەست دەکات هەرچیەک دەکات بۆ خۆی دەکات . واتە لە پێناوی بەرگری لە خۆیان و خێزانی خۆیان ئەو ئەرکە قورسە بێ بەرانبەرانەی کردوە , کە ئەمەیان بە پرۆسەی ئەنفال بێ رەحمانە بەرەو نادیار برا و خرایە چوارچێوەی کۆمەڵگەی زۆرە ملێ یەوە.

لە لای فاسلۆ تەوەری سێهەمی پێویستیە فیزیکیەکان سێکسە, سێکسیش لە ژیانی ژنی کورددا هەرەمەکیانە و ئارەزوومەندانە نیە , بەڵکۆ پاش هەڵبژاردنی هاوسەر و پێکەوە نانی خێزانە , بۆیە بۆ ژنی کورد تەوەری سێهەمیش هەر خێزانە و تەنها لە رێگەی خێزانەوە دەتوانێت بە و مافە بگات , بەڵام پاشماوەی ئەنفالەکان زیاتریان ژنن و زۆریشیان کاتی ئەنجامدانی ئەنفال گەنج بوون و لە لوتکەی بەرهەم هێنانی خێزانیدا بوون, کە مێردیان ئەنفال کراوە و ئیتر بە دیار ئومێدی گەڕانەوەیەوە تەسلیم بە غەم بووە , بە هیچ شێوەیەک بیری لە دروستکردنی خێزان نەکردوەتەوە بۆ جارێکی دی , کە ئەوە ساکارترین مافی خۆیەتی , دەکرێ بەشێکی بە هۆی تەسلیم بوون بوویێت بە غەم چونکە مرۆڤی غەمبار بیر لە نوێ بوونەوەی ژیان ناکاتەوە ,  لە بنەمادا ژیانی لێ دەبێت بە بارێکی قورس , لە لایەکی دیکەوە لە ناو داب و نەریتی دواکەوتووی کورددا ژن خاوەنی هیچ مافێکی سروشتی خۆی نیە , پێیان وایە ئەگەر پیاوانی پاشماوەی ئەنفال ژنیان هێناوە ئاساییە , چونکە بە بۆچوونی ئەوان پیاون بێ هەبوونی سێکس ناژین بەڵام بۆ ژن شەرمە بە هیچ شێوەیەک بیر لە سێکس بکاتەوە و تەنانەت خەتەنەشی دەکەن بۆ ئەوەی لە پیاوی خۆشی چێژ لە سێکس وەرنەگرێت و لە مرۆڤایەتی و لە سروشتی خۆی دەربکەن , خۆ ژنێک  پیاوی نەمێنێت وبیر لە پێکەوە نانی خێزان بکاتەوە ئەوە بە شەرمەزارتر سەیری دەکرێت , لەگەڵ ئەوەی لە ناو کورددا  ئابوری زیاتر دەکەوێتە سەر شانی پیاو  و ژن ناتوانێت هەروەها بە تەنها ژیانیش لەوە کێشەترە , لەنێو کۆمەڵێکدا فەلسفەی ژیانیان لە سەر

درۆ و تۆمەت و وتی وتی بۆ ژن وەستاوە , ئەو هۆیانە و زۆر هۆی تریش ژنی کوردی لە ژنانی تر زیاتر بەستوە بە مەسەلەی دروست بوونی خێزان و هەبوونی خانووبەرە و ماڵ , چونکە ژنی کورد لە دەرەوەی ماڵی باوک یان مێرد ژیانی مەحاڵە , هەربۆیە ماڵ لای ژن واتە ئەو شوێنەی تێیدا هەست بە نەوازش و متمانە و دڵنیایی دەکات , ئەو شوێنە ئەگەر لە کیس بدات بەر دەمی شەرعیەتی جەنگەڵ و وەحشیگەریانەی کۆمەڵ و قەدەر دەکەوێت . ئەنفال واتە هەڵوەشانەوەی خێزان بوو , کە وەکو داب و نەریت هەموو بوونێکی ژنی کورد دەگرێتەوە , وەکو تیوری ئەندازیاریش لانەی حەوانەوە و ئاسایشی دەگرێتەوە , وەکو پێویستی فیزیکیش سێکس وکاردانەوە رۆحیە مەشروعەکانی خۆی دەگرێتەوە , ئەنفالی هاوکێشە ئەندازەییەکان , واتە ئەنفالی چەند لایەنێک لە لای ژنانی پاشماوەی ئەنفال .

## *رەهەندی چوارەم : تیوری کات " زەمەن "*

زانای گەورە ئەنشتاین لە زانستی فیزیادا یەکەم و تەنها بیریارێک بوو بیری لە رەهەندی چوارەم کردەوە کە " زەمەنە " . وە گووتی ئەو کەونەی ئێمەی لە سەر دەژین لە چوار رەهەند پێک هاتووە , کە درێژی و پانی و بەرزی و کاتە , بە بێ رەهەندی کاتیش تیورە فیزیکیەکان ناتەواون , بەو شێوەیە رەهەندی چوارەمی خستە نێو پەیڕەو و حساباتی خۆیەوە , ئەو جیاواز لە رەهەندەکانی تر کە دەتوانرێت ببینرێت و بگیرێت و نەخشەی بکێشرێت , ئەو رەهەندە زەمەنێکە نابینرێت بەڵام مرۆڤ تێیدا دەژی و هەستی پێ دەکات , وەکو یەکێک لە پرەنسپەکانی بوون زەمەن دابەشکراوە بە سەر هەموو ساتەکانی بووندا کە 365 رۆژ دەکات لە ساڵێکدا لە سەر زەوی , بەڵام ئەو زەمەنە لە گەڵ ئەستیرەکانی دی جیاوازە, بۆ نموونە ساڵێک لە سەر ئەستێرەی " عەتارد " سێ مانگە بە پێی حساباتی ئێمە لە سەر زەوی, هەروەها لە سەر ئەستێرەی" بلۆتۆ " ساڵێک 248 ساڵە بە پێی ژماردنی ساڵ لە سەر زەوی , مرۆڤ کاتێک بیری بۆ زەمەن و پەی بردن بە زەمەن کرد کاتژمیری دروستکرد , پەی بردنیش بە زەمەن واتە ئۆرگانیزە کردنی کاروبار و ژیانی مرۆڤ و چوونە ناو ژیانە رەسمی و مۆدرینەکانەوە , واتە درک کردن بە پرۆگرامێک بۆ ئەوەی ژیانێکی پرژ و بڵاو کۆبکاتەوە و ئەرکەکانی دابەش بکات بە سەر ئەو زەمەنانەی کە گونجاوە بۆ بەرژەوەندی ئەوی مرۆڤ و لە وون بوونی زەمەنکانی نێوان شەو رۆژ و ئەرک وماف دا دەربهێنێت بۆ رێکخستنی ژیان و دادەوەری لە ئەرک و مافدا و فاکتەرە سروشتیەکانی تری ژیان کە دۆزینەوەی زەمەن توانیوێتی رێکخەری بێت .

## *رەهەندی چوارەم و ژنانی پاشماوەی ئەنفال*

زەمەنی ئەنفالکردن زەمەنی توندو تیژی و تیکشکاندی سەرجەم ئەندازە و هاوکیشە فیزیکیەکانە , زەمەنیک , کاتژمیری تیدا دەگات بە 25 ی دوای زەمەن و بونیادنان و بەردەوامی و خواردن و ژیانی تیدا کۆتایی دیت , ئەو کاتەش بەردەوامی نامینیت زەمەنیش دەوەستیت , لە دەرئەنجامی بەرهەم هێنەر ەوە دەوەستێت دەبێت بە زەمەنی ئیستهلاکی .

لە دەرەوەی تیورە فیزیکیە ریژەییەکەی ئەنشتاین دەتوانین بلین زەمەن دابەش دەکریت بە سەر رابردوو و ئیستا و داهاتوودا , مرۆڤ دەتوانیت بە تاڵ و شیرینەکانی رابردوودا بچیتە وە لە ژێر فیربوون و ئەزموونەکانیدا

ئیستای جوانتر دروست بکات بە ئەندیشەی داهاتوویەکی بەرهەم هینتر و بەختەوەر تر , کە رەگی غەمی تیدا بکوژیت , بەلاٌم ئەنفال واتە فەنابوونی هەر سێ زەمەنەکە , چونکە ئەو درندەیە لە سەروو توندوتیژیشەوە بوو , لە کاتیکدا توند وتیژی واتە ئەو رەوتە ڤیزونەی کە هەموو جولەیەک لە باردەبات.زەمەنی پاشماوەی ئەنفالیش بەو شیوەیە لە بار چوو .

## _ زەمەنی رابردوو لای ژنانی پاشماوەی ئەنفال

زەمەنی ئەرک و ماندوبوون و بی بەش لە ماف و سیڤلی ژیان , رابردوویەکی پر خەبات و تیکۆشان بۆ داهاتویەکی باشتر تیکەلاٌو بە زەمەنی سفری لە ناوچون و فەنابوونی سەرجەم بوونەوەر و شتە ماتریالی و رۆحیەکانی ئەوان ی مرۆڤ , زەمەنی گۆرینی ستاتیکای زەمەن بۆ وەستانی هەموو ستاتیکایەکی بەرهەم هینەر ,بە فیرۆ چوونی هەموو تیکۆشانەکان, زەمەنی کۆستی رەش و بی ئومیدی ونەهیشتنەوەی بوشاییەک بۆ بیرکردنەوە جگە لە حەپەسان و مڵەما بوون بە شۆک , نەگەشتن بە وەلاٌمی ئەو پرسیارانەی کە مرۆڤی چەپەساو سەرهەلدەدەن,بەلاٌم ئەوی چەوساوە ناچیتە لای چەوسینەرەکەی و بپرسیت بۆچی دەمچەوسینیتەوە چونکە چەوساندنەوە بە هەر شەرعیەتیک بیت نامەشروعە , جگە لەوەی توندوتیژی و فەنابوون وابەستەی هیچ ریسا و یاسایایکی جیگیر نیە , بەلکو هیزی ئاکتیڤ بوون لەوەوە وەردەگریت کە وابەستەی هیچ ریساییەکی جیگیر نیە هەر لە بەر ئەوەشە ترسناکە و کاتیک رژیمیکی دکتاتۆر و بکۆژ ئەنجامی دەدات لە دەرەوەی هەموو بەهانە و مەشروعیەتیکی مۆرالیەوەیە...

## _ زەمەنی ئێستا لای پاشماوەی ئەنفالەکان

ئێستا پاشماوەی ئەنفال و ژنانی پاشماوەی ئەنفال زەمەنی برسیەتی و ورد بوون لە ژێر باری غەم و جارێکی دی حەپەسان بەرانبەر بە بێ وەفایی ئەوانەی ئەوان لە پێناویاندا ئەنفال بوون , زەمەنی وون بوون لە نێو دوَخێکی دووفاقی نیوە سیڤل و نیوە دێهاتی کە هیچیان لەگەڵ غەمەکانی ئەوان یەک ناگرێتەوە و برینی ئەوان سارێژ ناکات, مرۆڤیش کاتێک خۆی لە ناو کارەساتێکی ترسناک و تۆقینەری وەکو ئەنفالدا دەبێت, هەموو زەمەنەکانی بیرکردنەوە و ئیرادە و بەرگری و تەنانەت زەمەنی سۆزیش لە بزاوتن دەکەوێت , تەنها چارە بە خۆ بەدەستەوەدان یان هەڵهاتن دەزانێت , هەر ئەو پاڵنەرە دەرونیەش وایکرد کە هەندێ دایک و باوکی کورد لە ئەنفال و هەڵەبجە و کۆڕەودا منالی خۆیان بە جی بهێڵن ,کە دەکرێ زەمەنی ئێستا لای هەندێکیان پێداچوونەوەی رابردوو و سەرکونەی ویژدان بێت , کە گوناهی ئەوی تێدا نەبووە , با بپرسین ئەگەر مرۆڤێکی رۆژهەلاٌتی کە بە سۆزدار ناسراوە لە لوتکە سۆزەوە بگات بە داوێنی بێ ئیرادەیی و خۆبەدەستەوەدان و بێ باکی یان بیر چوونەوەی بەشێکی گەورە لە خۆی لە پێناوی پاراستنی بەشەکەی تردا کە خودی خۆیەتی, دەبێ ئەو حەشرە تۆقینەرەی ئەنفالکراوەکان و مرۆڤەکانی پاشماوەی ئەنفال بینیوێتی چەند ترسناکانە کاریگەری خۆی لە سەر سایکۆلۆژێتیان چەسپاندبێت و چەند گران بێت لایان بە زەمەنی رابردوودا بچنەوە و بونیادی زەمەنی ئێستای نوێی لە سەر بنێن ؟ دەبێ واتای زەمەن چەند تۆقینەر بێت .

لە لایەکی دی هەندێ جار زەمەنی پەشیمانیە لە شۆڕش پاش ئاشکرا بوونی ئەو هەموو شۆرشی ساختە و وولاٌت پەروەری ناڕاست و بێ وەفایی و مافخورانەیان , دەمەوێ لێرەدا تەنها شەهیدێک قادسیە صدامی دکتاتۆر و قوربانیەکی ئەنفال بکەم بە نموونە کە خۆم گۆیم لێ بووە کاریگەریەکی لە سەر بە جێهێشتووم هەمیشە لەگەڵ هەر

خیانەتێکی لایەنێکی کوردی بیرم دەکەوێتەوە و دووبارە دێتەوە بەر گوێم, ئەویش رای دوو ژنە لە دوو کات و شوێنی جیاوازدا .

یەکەم ساڵی 1989یە, ژنێک بە یەکێکی دی دەڵێت کە پێ دەچێت ئێرەیی بەو هەموو خزمەتەی بەعس بەرێت کە خزمەتی ئەو خێزانە دەکات کە خاوەنی شەهیدێک بوون لە رووی عەقلیەوە هەندێک کێشەی کەمی هەبووە.

_ جا بۆ ( ) غەم دەخوات , خۆ نان نەبوو بیخوات شەهید بوونی کوڕە شێتۆکەکەی کە گیری خواردبوو بە دەستیەوە بۆی بوو بەخێر , پێی بوو بەخاوەنی لە بری خانوو قەسر و پارەی باش و سەیارە و نەخۆشخانە و عیلاج کردنی نەخۆشی بە خۆڕایی.

ژنی دووەم ژنێکی خاوەن دوو کوڕی ئەنفالە ساڵی 1996 و کاتی شەڕی برا کوژی , کە کەسێکی دی دەیەوێ بە چوونی کوڕەکەی بۆ ریزی پێشمەرگایەتی هەندێک لە باری قورسی نەبوونیان لە سەر شان سووک ببێت , ئەویش لە وەڵامدا ئەڵێ :

_ بەخوا ئەگەر لە برسان مردبم ناهێڵم کوڕەکەم ببێت بە پێشمەرگە , سبەینی ئەمیشم وەکو ئەوانی دیش تیاچوو چی بکەم و چی بێژم ,کێ منت ئەزانێ و کێ لێت ئەپرسێت , بۆ ئەوانی تر ترانديان بە لایەکماندا تا ئەگەر ئەمیشم نارد بترێنن بە لاکەی ترمانا.

ئەو بۆچوونە خۆرسکەی نێوان دوو ژنی نەخوێندەوار , دەربارەی دوو سیستم و دەسەڵاتی جیاواز , کە ئەوە رای کەسانێک نەخوێندەوار و دوور لە سڤل دەکات و تەنها بە پاڵنەرە هەستیەکان ئەو قسەیە دەکەن , ئەی ئەگەر خوێندەوار و رۆشنبیر بن و لێکدانەوەی عەقلیشیان بۆ کۆمەڵی دوا ئەنفال و هەڵوێستی سیاسی هەبێت بەرانبەر بە ئەنفال چی دەڵێن ؟؟ ئەو بۆچوونە ساکارە دەهێنێت کە بڵێن سەرجەم زەمەنکانی پاشماوەی ئەنفال سەرابێکە و تەنها رووبەروی خۆیان کراوەتەوە.

## زەمەنی داهاتوو لای پاشماوەی ئەنفالەکان

زەمەنی داهاتوو بۆ کەسانی پاشماوەی ئەنفال زەمەنی چاوەڕوانی کوشندە و دەست گرتن بە ئۆمێدی وەهمیەوە , مرۆڤی پاشماوەی ئەنفال هێندە بە سەختی دەرونیان تووشی شۆک بووە , لەگەڵ ئەوەی هەندێکیان خۆیان لە زیندانەکانی ئەنفال گەڕانەوە , بە چاوی خۆیان دیبوویان بە دەیانیان لێ کراوە بە ژێر گڵەوە , لەگەڵ ئەوەی کە دەیان کەس شاهیدی ئەوەی دا کە ئەنفالکراوەکان زیندە بە چاڵ کران ,لەگەڵ ئەوەشدا وەکو ئومێدی ئەو کەسە دەکەوێتە نێو دەریا و دەست بە تەڵە پوشێکەوە دەگرێت بۆ رزگاربوون ئومێدیان بە خەیاڵی گەڕانەوەی ئەنفالکراوەکانیان ببوو بە ئومێدی زەمەنی داهاتوو , گۆڕینی زەمەنێکی ریالستی بۆ زەمەنێکی نادیار و ناڕاست , کە غەمێک دروستی کردوە و زەمەنە واقعیکەی لێ دەگۆڕیت بۆ زەمەنێکی وەهمی .لە کاتێکدا مرۆڤ خاوەنی پرۆژە و ئامانج و خواستە , هەر چالاکیەکیش لەو چالاکیانە دەکەوێتە ژێر کاریگەری زۆربوون و یەکبون , پێچەوانەکەشی رسک بە ئامانجی ئەو کەسەوە دەکات کە ئامانجی تاکە کەسە , هەموو ئامانجێکیش پاڵنەری ئامانجێکی ترە کە لە میانەیەوە چارەنووس دەستنیشان دەکرێت .

## رەنگ لای ژنانی پاشماوەی ئەنفال

رەنگ زمانێکی دەربڕی دیکەی مرۆڤە , ئاماژە و واتای جیاواز دەدات  بە بەرانبەر , زانستەکانی دەریانخستوە ژن دەتوانێت قسە بکات بە بێ ئەوەی یەک ووشە بدرکێنێت , ئەویش لە ڕێگەی ئەو پەیامانەوە لە ڕێگەی رەنگ و شێوەی دەرەکیەوە دەیدات بە بەرانبەر , واتە لە ڕێگەی پۆشاکەکانیەوە .

"سیگمان مارتن " ی زانیار لە بواری چارەسەرکردنی نەخۆشیە دەرونیەکان لە ڕێگەی رەنگەوە , لە لێکۆڵینەوەیەکیدا دەربارەی رەنگ و پەیوەندی بە مۆن " مەزاج" ی ژنەوە , دەریخستوە کە پۆشینی رەنگەکان  چەندین کاریگەری پۆزەتیف و نەگەتیڤی لە سەر ئەو ژنە هەیە کە رەنگەکەی پۆشیوە هەروەها لە سەر کەسانەی دەوروبەری ئەو ژنەش , کاریگەری لە سەر کەسایەتی و هەتا مامەلە و بیرکردنەوەشیان هەیە , هەربۆیە لیکۆڵینەوەکەی ناو ناوە " رەنگی پەسەندت رەنگدانەوەی کەسێتیتە " . هەروەها دکتۆرە حنان سالم مامۆستای دەروونناسی لە کۆلیجی ئاداب پێ لە سەر ئەوە دادەگرێت کە هەر رەنگە کاریگەری خۆی هەیە لە سەر دەروونی مرۆڤ , بە تایبەت ژن , چونکە مرۆڤێکی هەست ناسکترە , هەروەها ئەڵی ئەو تیشکە نەبینراوانەی رەنگ دەیهاوێژێت کاریگەری گەورەیان لە سەر سەنتەرەکانی هۆش هەیە لە ناو مۆخی مرۆڤدا. من لێرەدا مەبەستم نیە باس لە کاریگەری چاک و خراپی سەرجەم رەنگەکان بکەم بەڵکو دەمەوێ بچمە سەر رەنگی مەبەست و بەکارهاتوو لای ژنانی پاشماوەی ئەنفالەکان کە رەنگی رەشە .

لە ئەنجامدا ئەوان و زۆر لە دەروونناسانی دی لە سەر ئەوە کۆکن  ئەگەر رەنگی رەش لە ئاهەنگەکان  و کارە رەسمیەکاندا نیشانەی برجوازیەت و ئاستێکی بەرزی کۆمەڵایەتی بگەیەنیت ,لە کاتی ئاساییدا و درێژ پۆشینیدا کاریگەری تیژ و راستەوخۆی نەگەتیڤی لە سەر دەروونی مرۆڤ هەیە .

لێرەوە دەتوانین بڵێین ژنانی پاشماوەی ئەنفال لەگەڵ غەمە قورس و سەختەکەی خۆیاندا بە پۆشینی ئەو رەنگە رەش و نیلی و تۆخانەی کە نیشانەو رەنگی غەمن  پۆشینیان جگە لە کاریگەری خراپ هیچ کاریگەریەکی باشی نیە و لە بری ئەوەی هاوکاری خۆیان بکەن بۆ سووک کردنی باری غەمیان   , لە سەروو غەمی ئەنفالەوە غەمێکی تریان بۆ خۆیان  و ئەوانەی لە گەڵیاندا دەژین سەربار کردوە , ئەو رەنگانەش تەنها رابردوویەکی کەلتووری هەیە ,ئەویش ئەو نەریتە دواکەوتووەیە کە هەتا ئێستا لە ناو کورددا باوە ,ئەوەی کەسێکی لە دەست دا لە ناوخێزانەکەیدا ئیتر دەبێت ژنانی ناو ئەو خێزانە رەش بپۆشن , دیارە ئەو کەلتورە تەنها بۆ ژنە نەک پیاو وەکو ئەوەی تەنها ژن خاوەنی کارەساتەکان و دەرد و مەینتیەکان بن , کە لە کارکردندا ئەو تەنها بۆی هەیە کار بکات و ئەرک بە جێ بهێنێت نەک داوای ماف , لە شادیەکاندا خۆی داپۆشێ و تیکەلاوی نامۆ نەبێت , لە غەمەکانیشدا ئەو قەرەبوو بدات , گوایە پیاویش غەم لە مردوویەک ناخوات ؟ , بۆچی دەبێت لەو کارەساتانەدا ژن خاوەنداریێتی وەرگرن بەلاَم لە مافدا کوَیلەیەتی , واتە تەنها ئەرکیان هەبێت نەک مافیش بەرانبەر ئەرک , ئەو رەش پۆشینەش کەلتوری کورد نیە , بەڵکو کەلتوری عەرەبە کە جگە لە رەش پۆشین عابا و پەچە وحیجابی رەشیشیان داهێنا بۆ ژن وەکو کوت و بەندێکی کاریگەر خراپ لە سەر هەست و دەروونی ژن , دیارە عەرەبیش لە باوەڕە ئاینیە دواکەوتوەکانەوە وەریانگرتوە کە هەندێکیان تەنها دەم و دەم وەرگیراوە نەک لە ڕێگەی قورئانەوە , چونکە تەنانەت بۆ ئەو ژنانەش کە موسڵمانن بە پێی بۆچوونە ئاینیەکان رەش پۆشین گوناهێکی گەورەیە , بەلاَم پێدەچێت تەنانەت ئاینیش بۆ مافی ژن تەنها لە ماف لێ سەندنەوەدا حسابی بۆ بکرێت , بۆ ئەو لایەنانەی تر کە لە بەرژەوەندی دەروون و ژیانی ژندایە ئاینش پشت گۆیە بخرێت , دەنا ئەو کۆمەڵەی باوەڕی بەوەیە ژن لە ژێر بەرگی رەشدا بچەوسێنێتەوە... هەرگیز موسوڵمان نیە , لە کاتێکدا بۆ بیانوەکانی تر هەمیشە ئیسلامیان کردوە بە چەکوشێکی ئامادە بۆ سەری خەڵک .لە لایەکی دیشەوە عەرەبە توندڕەوەکان رەش دەپۆشن گوایە سەرنجی پیاو ڕاناکێشت بە لای خۆیاندا, بەو شێوەیە تووشی گوناە نابن کە ئەوەش دووفاقی بە بۆچوونە سەرەکیەکە دەبەخشێت , ئیتر ئەو کەلتورە لای نەتەوەکانی دی باو نیە و زۆر لە کەلتورەکان لە چەند رۆژی سەرەتادا  پۆشاکی سپی دەپۆشن کە پێم وایە ئەوەیان پەسەند ترە بۆ رەشپۆشی مردن و

دەکرێ سپی نیشانەی ڕۆح ببەخشێت , هەندێکیش تەنها هەفتەی یەکەم ڕەش دەپۆشن وئیتر لایدەبەن, تەنانەت لای هەندێ لەوانەی مەزهەبی شیعەیان هەیە تەنها چل ڕۆژ ڕەش دەپۆشن و پاشان بەگوناهی دەزانن , بەڵام ژنی کورد بەشی شێر و نرخی شێری داوە بە کەلتورە نەشیاو بێگانەیە ..ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ژنی کورد لە هەموو ژنێک زیاتر خۆی بە دەستی غەم و نەریتە دەماودەمیەکانەوە داوە.

## *ڕەشپۆشی هێمای قەلەڕەشە*

بە بۆچوونی من ڕەشپۆشی هێمایەکی زۆر کۆن و لە مێژینەی هەیە و مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکی خەلیقە و پاش دروست بوونی مرۆڤ , چیرۆکی یەکەم کوشتن لە نێوان قابیل و هابیلدا , بە پێی ئەو چیرۆکە کە بۆ یەکەم جار ( قەلە ڕەش ) گۆڕی هەڵکەندوە , هەر لە بەر ئەوەشە ئەو جۆرە باڵندەیە بە شووم ناسراوە و زۆرجار لە ناو کورددا ,گوێت لێ دەبێ , کاتێک دەنگی قەلەڕەش لە شوێنێک هاتوەتە بەر گوێ یان بە سەر هەرێمێک, شوێنێک , ماڵێکدا گەڕاوە , گوتویانە بەلاَیەک روو لەو شوێنە دەکات و تفیان بە رووی باڵندەکەدا کردوە , کەواتە دەکرێت ڕەنگی ڕەش لە سیمای ئەو قەلەڕەشەوە وەرگیرابێت بۆ مردن کە نیشانەی بەڵاو نەگبەتیە .
بەڵام خۆ قەلەڕەش نیشانەی بەڵایە و تفی بە ڕوودا دەکرێت , بۆ دەبێ ژنیش ببریتە ئاستی قەلەڕەش ؟! ئایە ژن هۆی کەوتنەوەی ئەو بەڵایە کە ڕۆڵی قەلەڕەش ببینێت بۆ چەندین ساڵ هێماکەی بپۆشێ ؟ ئایە ئەو ماڵە بۆیە تووشی بەڵا و کەس لێ مردن بوون چونکە ژنی تێدایە ؟ئایە ئەگەر قەلەڕەش شایانی تف لێکردن بێت و دوعا بکرێت جارێکی تر نەگەڕێتەوە بۆ هەرێم و ناوچە و سەر ماڵ و خاکیان بۆ دەبێ ژن کە واتای بەرهەم و بوون و ژیان دەبەخشێت ئەو هێمایەک لەو باڵندە نەفرەت لێکراوە وەرگیرابێت هەمیشە بهێننە نەک سەر خاک و هەرێمی خۆی بەڵکو ناوماڵ و خێزان و ژیان و دەروونی خۆی؟
دوایی پێویستە ژن لە خۆی بپرسێت ئایە ئەو ڕەنگانەی نیشانەی غەمن لە کەلتووری کوردیدا و لە رووی زانستیەوە کاریگەری دەروونی خراپی هەیە کێشەکانیان چارەسەر دەکات یان قورسرتری دەکات ؟ نەک هەر ڕەنگی ڕەش بەڵکو تەنها پۆشینی یەک پۆشاک بۆ ماوەیەکی زۆر وەکو ڕۆتین مرۆڤ تووشی بێزاری و غەم دەکات و هەست کردن بە تازە نەبوونەوە و گۆڕانکاری لە ژیاندا دەبەخشێت , لە لایەکی دی مرۆڤی غەمبار ئەگەر بۆ ساتێکیش غەمەکەی بڕەوێتەوە ئەو پۆشاکە ڕەشە وەبیردێنێتەوە کە ئەو کەسێکی غەمیارە و هێمای غەمباری بە باڵای بڕیوە نابێت شاد ببینرێت , نەوەک کۆمەڵگای دواکەوتوو تانەی ئەوەی لێبدەن کە مردوەکەی بیرچوەتەوە چونکە ئەوی ژن پێویستە لایەنی کەم ساڵێک بچێتە ژێر بەرگی ڕەش و ئازیەت باری و بەشداری هیچ بەختەوەریەک نەکات , تەنانەت بە پێکەنینیش زۆرە , ئەمەشیان پەیامێکە بۆ خۆی نەوەک لە ساتێکدا بیری بچێت کە کەسێکی غەمبارە , لە لایەکی دی پەیامێکە بۆ بەرانبەر کە ئەو کەسێکی غەمبارە و ئەو ڕەشەش ئاڵای غەمبارێکەیەتی و بەو شێوەیە مامەڵەم لەگەڵ مەکەن سنوری غەمباریم بشکێنن , لە هەندێ ناوچەی گەرمیانیشدا 7 ساڵ ڕەش دەپۆشن , بۆ ژنانێکیش کە تەمەنیان دەگات بە مام ناوەندی لە چل ساڵی بۆ سەرەوە و تووشی کارەساتی مردنی کوڕ و کەس و کار دەبنەوە ئەوا بە هەموو تەمەن ڕەنگە زیندوەکان قەدەغە دەکات لە خۆی و ڕەنگە مردوەکان دەپۆشێت .

## غەم و ئازادی تاک

وليم جيمس كە بە فەيلەسوفى ئازادى و ئازادى ئيرادەى مرۆڤ ناسراوە , هەروەها بە فەيلەسوفى بيرى نوێى ئەمەريكيش ناودەبرێت , ووشەى ئازادى تاك واتايەكى تايبەت و زەنگێكى بالا لە زمانى جيمس ليدەدات , باوەڕى وايە لە ژێر خۆردا هەميشە نوێ هەيە , جيمس ئەڵێ" ئەو مرۆڤەى خۆى بە بەندەكانەوە دەبەستێتەوە لە ياساكانى فكر و كۆمەڵگا و ئەو مرۆڤەى كە خاوەنى چالاكى و بەرهەمى زۆرە خۆى ياسايى خودى خۆيەتى ", چونكە لاى ئەو ئازادى واتە ئيرادە " Volition " ى تاك كە كۆنترۆڵى بەرژەوەندى خۆد دەكات , چونكە مرۆڤ هەموو يەكسانە و جياوازى لە نێوان ئەم و ئەو دا نيە بە كارى سەركەوتوو و سوود بەخش نەبێت .

ئيرادە و عەقڵ كە تەواوكەرى يەكترن بە هەردوكيان دياريكەرى ئازادى تاكن , پەيوەنديەك نيە لە نێوان خودى خۆمان و مەسەلەيەك لە دەرەوەى عەقڵ , پەيوەنديەكە لە نێوان خودى خۆمان و حاڵەتەكانى عەقڵ.

بۆيە كاتێك مرۆڤ غەمبار دەبێت ئيرادەشى لاواز دەبێت , ئيرادەى لاوازيش واتە نەتوانينى حوكم كردن و ئيدارەكردنى خود , هاوسەنگ نەكردنى حاڵەتەكانى عەقڵ , ئەو مرۆڤەش نەتوانێت ئيدارەى خودى خۆى بكات دەبێت بە مرۆڤێكى كۆيلە , نەك ئازاد , بۆ هەموو هەنگاوێك پێويستى بە هاندەر و ڕێنمايى كەر دەبێت , ژنانى پاشماوەيى ئەنفاليش چەند جارێك ئازادييان زەوت كراوە , جارێك وەكو ئەوەى ژنن و سروشتيان زياتر ئازاريان دەدات , جارێك ڕێسا كۆمەڵايەتيكان ژيانيانى زەوت كردوە , جارێك غەم و چاوەڕوانى بێهودە و دوا جاريش شۆک بوون بە وەرگرتنەوەى ئێسقان لە برى ئەو ئومێدەى چەند ساڵە چاوەڕوانى دەكەن , لەوانەش زياتر ئەو بارودۆخە داسەپاوەى كە بە بێ خواستى و ئيرادەى خۆيان سەپێنراوە بە سەرياندا و تێيدا ماونەتەوە .

هەموانش لە سەر ئەوە كۆكين كە مرۆڤى غەمبار , مرۆڤى خاوەن ئيرادەى لاواز , مرۆڤێكى كە بەڕێوەبردنى خودى لە دەسەڵاتى خۆى برابێتە دەرەوە بۆ دەسەڵاتى تاكەكانى عەشيرەتەكەى و خێزان و تەنانەت دەسەڵاتى كوڕە بچوكە هەرزەكەى ناتوانێت پەروەردكارێكى ڕاست و دروست بێت و ئەو نەوەى ئەو پەروەردەى دەكات ئازادى تاك و ئازادى تێدا بەرجەستە ببێت, بەڵكو مرۆڤى مل دەر بە كۆيلايەتى پەروەردە دەكات , بە تايبەت كە لە سەرو مەسەلە كۆمەڵايەتى و ئابورى و سياسيە داسەپاوەكان بە سەر پاشماوەى ئەنفالدا سەپاوە , پراكتيزەى توند و تيژى بۆ خۆى واتە هەوڵدان بۆ ڕامكردن و زەوتكردنى ئيرادەى , بۆيە ئەو مرۆڤانەى كە ڕووبەڕووى توندوتيژى قورس دەبنەوە ئەگەر بە بايەخەوە مامەڵەيان لەگەڵ نەكرێت لە دواڕۆژدا مەترسى لە سەر بەرژەوەنديە خوديیەكانى خۆيان و كۆمەڵ دروست دەكات.